# سەرۆکی هەرێم ئیمزای لە سێدارەدانی ئازادی مەکە



پرۆژە یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ، پاش ئەوەی لە بەرواری (٢٥-٥-٢٠٠٥ ) ئامادەکرا ، پاش سێ جار پێیدا چونەوە و تەعدیلکردن سەرەنجام پرۆژەیەکی دژی ئازادی و ئازادی رۆژنامەنووسی لێدروستکرا . دوای ئەوەی بۆ ماوەی سالێك لەبەردەم پەرلەماندا کەوت دواجار لە بەرواری ١١-١١-٢٠٠٧دا پەرلەمانی کوردستان دانیشتنی خۆی بەست بەمەبەستی موناقەشە کردن و بەیاسایی کردنەوەی . کاتێك ئازادیخوازان و رۆژنامەنووسان ئەم جەلسەیەیان بینی بەراستی توشی شۆك و راچەنین بوون ، کاتێك پێشنیارەکانی ئەندامانی پەرلەمانمان بینی وەك شمشێر دڵ و جەستەی برین ، بۆیە دەنگی نا بۆ ئەوپرۆژە یاسایە بەرزبوەوە و ئیعترازات و نارەزایەتی لەبەرامبەری بەرێکەوت . نەتیجە پەرلەمان نەیتوانی بەبێ کێشە و هەروا بەئاسانی بیکات بەیاسا ئەگەرچی پێشنیارات و ئیزافەی زۆر ترسناك و خنکێنەری بۆ زیادکرا و قبوڵکرا ، ئێستا ئەم یاسایە لە دواین ساتەکانی گیان بەبەراکردنیدایە ، ئەگەر گیانی پێبەخشرا سەرەنجام درندەیەکی لێدەردەچێت کە بەمژینی خوێنی جەستەی ئازادیخوازان و رۆژنامەنووسان دەژی ، بەبرینی زمانی قەڵەم ئاسودەدەبێت ، ئەگەر ئەم دێوەزمەیە دونیا ببینێت ئەوکات دەبێت لاپەرەکانی رۆژنامەکانمان بگۆرین بۆ شوێنی کاریکاتێر کردن لەسەر شێر و رێوی ، و خوێندنەوەی چیرۆك و نوکتەکردن ، دەبێت دابنیشین لیستی دروستکردنی خواردن بڵاوبکەینەوە ، سیرەی زاتی سەحابە و داستانی قارەمانێتی مێشولە بنوسینەوە ، باسی لافاوەکەی ئەو ساڵە و رزگاربوون لە بەفرە سورەکەی قەدیم بکەینە ستونی تایبەت و بەزنجیرە دایبەزێنین . ئیتر کەس بۆی نیە نەزەری خۆی لەسەر هیچ شتێك جگە لەوانەی سەرەوە نیشانبدات . تەحلیلی هیچ بابەتێك بکات . چونکە پەیوەندی بە ئاسایشی نەتەوەیمانەوە هەیە . کەس بۆی نیە بانگەشە بۆ خۆپیشاندان لەدژی هاتنی سوپای تورکیا و ئێران بڵاوبکاتەوە ، هیچ رۆژنامەیەك نابێت خەبەری لەسەر بڵاوبکاتەوە چونکە پەیوەندی بەئاسایشەوە هەیە . میدیاکان ناتوانن هەواڵی مانگرتنی کرێکارانی بەرازیل و فەرەنسا بڵاوبکەنەوە چونکە بانگەشەیە بۆ پشێوی و کرێکارانی کوردستان هاندەدات لەبەرامبەر کەمی کرێ و مەحرومیەتدا و مانبگرن ، دەبێت بەیاسا تیرۆر دادگایی بکرێت . رۆژنامەنووسان ناتوانن ئامار و هەواڵی سجنەکانی هەرێم بڵاوبکەنەوە ، کەس بۆی نیە بڵێت کۆنەپەرستان ژن دەکوژن بەبیانوی

ناموس پەرستی چونکە دابی گشتی لەکەدار دەکات ، ئازادیخوازان ناتوانن بڵێن کردنەوەی دیوەخان و سەرفکردنی بودجەی تایبەت وقەبە چەند بەقەدی بودجەی ڕۆژنامەیەك بۆیان ، خزمەتە بە کۆنەپەرستی و ئیرتیجاعە چونکە ڕەمزی یەکێك لە تائیفەکانە بڤەیە . ناتوانرێت بوترێت فلانە لێپرسراو خاوەنی چەند خانوو چەند سەیارە و شەریکی چەند کۆمپانیایەکە و پشکی هەیە لە چەندن کۆنتراکتا چونکە تەشهیر و قسە کردنە لەسەر کەسایەتی کەسێك . بۆیە ئازادخوازان و ڕۆژنامەنووسان دەنگیان هەڵبڕی و ووتیان نا بە یاسای کۆنەپەرستانە .

بەمەبەستی ڕاگرتنی ئەو نارەزایەتیانەی کەبەرامبەر بەم پرۆژە یاسایە دروستبوون ، کپکردنەوەی ئەو فشارەی کەلەسەر حکومەت و پەرلەمان و سەندیکا دروست بوون و نەفرەتیان لە کۆنەپەرستی کرد ، سەرۆکی حکومەت لە پەراوێزی کۆبونەوەیەکی سیاسیدا چەند دەقیقەیەکی تەرخانکرد بۆ گوێگرتن لە کۆمەڵێك ڕۆژنامەنووس و بەڵێی ڕاگرتنی پرۆژەکەی پێدان ، بەلاّم وانەبوو . پاشان دەستەی یاسای و سەرۆکی پەرلەمان و دەستەی ڕۆشنبیری بانگهێشتی چەند ڕۆژنامەنوسێکیان کرد بۆ تەلاری پەرلەمان ڕاو سەرنج و پێشنیارەکانیان لێوەرگرتن و بەڵێنی تەعدیل کردنی پرۆژەکەیان پێدان ، کە ووتبویان پێشنیارەکانتان لە یاساکەدا جێگیر دەکرێن ، لەدوایدا کردیان تەنەکەی خۆڵەکەیانەوە ئیحترامی میوانە بانگهێشت کراوەکانی خۆیان نەگرت . پەرلەمانی کوردستان پێیان وایە خەڵکی کوردستان دواکەوتوون بۆیە دەبێت لەپەرلەمان یاسای دواکەوتوانەیان بۆدابنێن ، ئەمە قسەی بێشەرمانەی ئەندامێکی دەستەی یاسای پەرلەمانە . کە خۆیان باش دڵنیان کە یاساکەیان چەندە دواکەوتوانەیە . پاش ئەو ئیزافاتانەی خرایە سەر پرۆژەکەی سەندیکا بەبێ ئەوەی حسابیان بۆ بکەن ، ئێستا سەندیکا بەدەنگێکی نوزەڵ و شەرمنانەی دۆڕاوەوە دەیەوێت بڵێت ئێمەش دیفاع لە ئازادی دەکەین ، داوای ڕاگرتنی یاساکە دەکەن . نالەبەر ئەوەی بۆیان دەرکەوتوە کە پرۆژەکەیان زۆر کۆنەپەرستانەیە بەڵکە لەبەر ئەوەی ئیزافەی بۆ کراوە بێئیزنی ئەوان . ئەمە ڕوی سەندیکا سپی ناکاتەوە چونکە ناوەرۆکی پرۆژەکەیان دارزیوە بۆگەنە دورە لە ئازادیەوە .

ئێستا ئەم یاسایە لەبەردەمی سەرۆکە هەرێمدایە ، زۆر کەس چونەتە خەڵوەتە دەستەو دوعا دەپاڕێنەوە قەڵەمەکەی سەرۆك نەنوسێت یان دڵی غایەلە بکات ئیمزای نەکات ، ئەگەر ئیمزای نەکرد چی ، خودی میوانەکانی دەستەی یاسای و سەرۆکی پەرلەمان و دەستەی ڕۆشنبیری خاوەنی ئەو خواستەن کە (داواکارین جەنابی سەرۆك ئەم پرۆژەیە ئیمزامەکەو بیەرەوە بە ئەندامانی پەرلەمان تا پیایدا بچنەوە )، بەلاّم بیریان چۆتەوە ئەندامانی پەرلەمان هەرهەمان ئەو ئەندامانەن کە دەنگیان بەم یاسایە داوە و پێشنیارەکانی ئەوانیان بە هیچ وەرنەگرت ، خۆئەگەر چانسیشی هێنا سەرۆك ئیمزای نەکرد ئەوکات یان ئەندامێك یان دوان ڕەنگە تۆزێك بەهۆش خۆیاندا هاتبنەوە و بڵێن نا ، سەرەنجام

باقی تریان تورەتر و بەدەنگێکی بەرزتر و گڕ دەڵێن بەڵێ . دەچێتەوە بەردەم سەرۆکی هەرێم و ئیمزای دەکات . کە لە سەدا سەدی فراکسۆنی حیزبەکەی سەرۆك دەنگیان بەم پڕۆژەیەداوە و لاریان لێی نیە بۆ دەیان جاری تریش دەنگی پێبدەنەوە . ئێستا ئازادی کۆمەڵگا چاوەڕێی تەڵقەی ڕەحمەیە ، چاوەڕێیە نەهێڵرێت یەك نفەسی تر هەڵکێشێت و بە گوێزانێکی تیژ قورگی ببڕێت ، ئێستا لەفایلێکی زەرددا لەبەردەمی سەرۆکی هەرێمدا کەلەپچەیە . چاوەڕانی خوێندنەوەی بڕیاری لەسێدارەدانیەتی . بەم پڕۆسەیە ئازادیان کرد بە تاوانبارێك و حوکمی لەسێدارەدانیاندا بەسەریدا ئەم کارەشیان بەسەرۆکی هەرێم  سپارد، خەڵکی کوردستان کۆبونەوە بۆ ئەوەی دیفاع لە ئازادی بکەن نەك دەنگەکانیان کۆبکرێتەوە لە حزوری سەرۆکدا بیکەنە لالانەوە و پاڕانەوە بۆ بەخشینی کۆرپەکانیان لەسزای سێدارە کە قەڵەمەکانیانە . ئێستا ئەم یاسایە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە بۆ جاری یەکەم ڕەتکراوەتەوە ، بەڵام ئەگەر دووبارە دەنگی هێنایەوە ،بەبێ دەسکاری یان بەدەسکاریەکی کەمە مانای وایە ئیتر یاسایەکی باشە ؟ وەقسەیەك نیە لەسەری ؟ دەبێ نەتیجە بچێتەوە بەردەم سەرۆك و ئیمزای بکات . بۆیە ڕێگاچارە گێڕانوەی نیە بۆ پەرلەمان ، کەقبوڵیان کردوە و دەنگیان پێداوە ، چونکە ئەم یاسایە دواکەوتوانەیە ، دەبێت هەڵبوەشێتەوە . لە جێگەیدا یاسایەکی مەدەنی پێشکەوتوخوازانە و ئازادیخوازانە دابنرێت .

**نیا کامیل** nya-78@hotmail.com

